## هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ٢٠٢٣

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەر چوار ساڵ جارێک دەکرێن. لە هەڵبژاردنەکاندا هاوڵاتیەکانی فینلەندا بۆ پەرلەمان ٢٠٠ نوێنەر هەڵدەبژێرن بۆ بڕیاردان لەسەر کاروبارە گشتیەکان.

### کارەکانی پەرلەمان

گرینگترین کارەکانی پەرلەمان دانانی یاسایە کە هەموو کۆمەڵگا پێ بەڕێوە دەبرێت.

ئەرکێکی دیکەی گرینگی پەرلەمان بڕیاردانە لە سەر بودجەی دەوڵەت. لە بودجەی دەوڵەت دا دیار دەکرێت کە دەوڵەت پارە لە کوێ پەیدا دەکات و چۆن بەکاردێنێت. پەرلەمان هەروەها چاودێریی خەرجکردنی پارەی دەوڵەت دەکات. پەرلەمان سەرۆکوەزیران بۆ وڵات هەڵدەبژێرێت و چاودێریی کاروباری حکومەت دەکات. هەروەها پەرلەمان بڕیار دەدات لەسەر بۆچوونی فینلەندا سەبارەت بە کاروبارەکانی یەکێتیی ئەورووپا.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ٢٠٢٣ ڕۆژی **یەکشەمە ٢٠٢٣/٤/٢** دەکرێن.
دەنگدانی پێشوەخت لە فینلەندا ٢٢ تا ٢٠٢٣/٣/٢٨ دەکرێت و لە دەرەوەی وڵات ٢٢ تا ٢٠٢٣/٣/٢٥.

### دەتوانیت یارمەتی لە کێ وەربگریت؟

**کارمەندەکانی هەڵبژاردن وەڵامی پرسیارەکان دەدەن لە دەنگدانی پێشوەخت و لە ڕۆژی هەڵبژاردن.**

لە شوێنی دەنگدان یارمەتیدەری هەڵبژاردن هەن. دەتوانیت داوای یارمەتیی بکەیت بۆ خانەی دەنگدان.  ئەگەر نەتوانیت بە خۆت کارتی دەنگدان پڕ بکەیتەوە.

یارمەتیدەری هەڵبژاردن دەتوانێت هەروەها کەسێک بێت کە بە خۆت بژاردبێت، بۆ نمونە کەسوکارێکت یان خزمێکت. یارمەتیدەری هەڵبژاردن نابێت کەسێکی کاندید یان کەسوکارێکی کاندیدێک بێت.

یارمەتیدەری هەڵبژاردن نابێت بە هیچ کەسێک بڵێت کە دەنگ داوە بە کێ.

### ڕازی دەنگدان

**هەر کەسێک بە خۆی بڕیار دەدات، ئایا دەنگ دەدای و بە کێ دەدات.**

مەبەست لە ڕازی هەڵبژاردن ئەوە یە کە پێویست نیە بە هیچ کەسێک بڵێیت دەنگت داوە بە کێ.

## کێ دەتوانێت دەنگ بدات؟

تۆ دەتوانیت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا دەنگ بدەیت، ئەگەر

- **وڵاتیی فینلەندا بیت؛ و**
- **بووبیت بە ١٨ ساڵە تا ٢٠٢٣/٤/٢.**

## ڕاگەیاندنی مافی دەنگدان بۆ ماڵت دێت

ئەگەر مافی دەنگدانت هەبێت، نامەیێک سەبارەت بەوە بۆ ماڵت دێت.

لە نامەکەدا ڕاگەیاندنی مافی دەنگدانت هەیە و شوێنی دەنگدانت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا. هەروەها لیستەی شوێنەکانی دەنگدان هەیە.

کارتی ڕاگەیاندن بۆت لەسەر ئینتەرنەت دێت ئەگەر خۆت تۆمار کردبێت لەسەر خزمەتی ئەلەکترۆنیکیی فەرمانگەی دیجیتاڵ و دانیشتووان
Suomi.fi (زانیاریی زیاتر لە ناونیشانی www.suomi.fi/viestit)
پێویست نیە ڕاگەیاندنی دەنگدان بۆ شوێنی دەنگدان بێنیت، ناسنامەکەت بەشی دەکات.

## دەتوانیت دەنگ بە کێ بدەیت؟

فینلەندا دابەش کراوە لەسەر ١٣ ناوچەی دەنگدان. هەر ناوچەیێک کاندیدەکانی خۆی هەن. دەتوانیت دەنگ بە کەسێکی ئەوها بدەیت کە کاندیدە لەو هەڵبژاردنەدا لە ناوچەی خۆت.

ناوچەکەی خۆت لە ڕاگەیاندنی دەنگدانتدا دیار کراوە.

ژمارەکانی هەموو کاندیدەکانی ناوچەکەت بۆ نموونە لە شوێنەکانی دەنگدان هەن.
زانیاریەکان لەسەر کاندیدەکان بۆ نموونەلەسەر ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن و ئینتێرنێت هەن.

## دەنگدانی لە ماڵ

ئەگەر بە قورسی بریندار بیت یان نەخۆشییێکی درێژخایەنت هەبێت، مافت هەیە بە پێشوەختی لە ماڵ دەنگ بدەیت.

دەبێت ناوی خۆت بنووسیت بۆ دەنگدانی لە ماڵ بەرلە ٢٠٢٣/٣/٢١ کاتژمێر ١٦ لە لای لێژنەی هەڵبژاردنی شارەکەی خۆت. ژمارەی تەلەفۆنی لێژنەکە لەسەر ڕاگەیاندنی دەنگدانت هەیە. لێژنەکە زیاتر زانیاریش پێت دەدات سەبارەت بە دەنگدانی لە ماڵ.

## ئەوها بە پێشوەختی دەنگ دەدەیت

دەتوانیت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا بە پێشوەختی دەنگ بدەیت لە هەر شوێنێکی دەنگدانی پێشوەختی لە فینلەندا یان لە دەرەوەی وڵات.

**ناسنامەی خۆت بۆ دەنگدان لەگەڵ خۆت بێنە، بۆ نموونە پاسپۆرت، کارتی تاکەکەسی یان کارتی لێخوڕین.**

**١) ناسنامەکەیت خۆت پیشان بدە بە کارمەندی هەڵبژاردن.** کارمەندەکە کۆنترۆڵ دەکات و کارتێکی دەنگدانت پێ دەدات.

**٢) بڕۆ بۆ خانەی دەنگدان.** بە ڕوونای ژمارەی ئەو کاندیدە بنووسە کە دەتەوێت دەنگ بدەیتێ.
هیچ شتێکی دیکە لەسەر کارتی دەنگدان مەنووسە.

**٣) کارتەکە دووقەد بکەرەوە.**

**٤) بگەڕەوە بۆ لای کارمەندەکە.** ئەو مۆرێک لە کارتەکە دەدات و زەرفێکی قاوەیی پێت دەدات. کارتەکە بکەرە ناو زەرفەکە و زەرفەکە چەپ بکە و بیگرە.

**٥) کارمەندەکە داوا لێت دەکات فۆرمێک واژۆ بکەیت.** بە فۆرمەکە سوێند دەخۆیت کە بە خۆت کارتەکەت پڕ کردووە، کە چەسپت کردووە و زەرفەکەت داخستووە.

**٦) لە ئاخردا کارمەندەکە زەرفەکە دادەخات** و دەکاتە ناو زەرفێکی زەردی ناردنەوەدا.

**ئەوها لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەنگ دەدەیت**

**ڕۆژی هەڵبژاردن ٢٠٢٣/٤/٢ شوێنەکانی دەنگدان کراوەن کاتژمێر ٩ تا ٢٠.**

لە ڕاگەیاندنی دەنگدانەوە بڕوانە شوێنی دەنگدانت لە کوێیە. دەتوانیت تەنیا لەو شوێنە دەنگ بدەیت کە لەسەر ڕاگەیاندنەکە بۆت نووسراوە.

**١) ناسنامەکەیت خۆت پیشان بدە بە کارمەندی هەڵبژاردن.** کارمەندەکە کۆنترۆڵ دەکات و کارتێکی دەنگدانت پێ دەدات.

**٢) بڕۆ بۆ خانەی دەنگدان. بە ڕوونای ژمارەی ئەو کاندیدە بنووسە** کە دەتەوێت دەنگ بدەیتێ. هیچ شتێکی دیکە لەسەر کارتی دەنگدان مەنووسە.

**٣) کارتەکە دووقەد بکەرەوە.**

**٤) بگەڕەوە بۆ لای کارمەندەکە.** ئەو کەسە مۆرێک لە کارتەکە دەدات

**٥) کارتی دەنگانت بکەرە ناو سندۆقی هەڵبژاردنەوە.**

**دەنگ بدە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا!**

زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان:
vaalit.fi

دەتوانیت سەبارەت بە هەڵبژاردن و دەنگدان هەروەها لەسەر ژمارەی تەلەفۆنیی وەزارەتی دادیش پرسیار بکەیت
0800 9 4770